# (20)

# گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ئایا باڵاپۆشی هۆکاری لەکارخستنی ئافرەتە؟

بەڕێزان!

ئەم بەشەمان کە بەشی بیستەمی کتێبەکەیە تەواوکاری بەشی ڕابردووە، واتە: بەشی نۆزدەی کتێبەکە، باسەکەمان بریتیی بوو لە لابردنی چەند گومانێك لەبارەی باڵاپۆشی، لەبەشی پێشوو وەڵامی سێ گومانمان دایەوە و گفتوگۆیەکی ژیرانەمان لەبارەیەوە کرد، ئێستا دەچینە سەر گومانەکانی تر.

گومانی چوارەم:

یەکێکی دیکە لەو گومانانەی دەرباری باڵاپۆشی دەگوترێ گوایە پاکی ئافرت لەناخیدایە، نەك لە بەرگ و پۆشاکی!

لە وەڵامی ئەو گومانەدا دەڵێین: ئێمە نەمانگوتووە باڵاپۆشی هەموو شتێکە، هەر ئافرەتێك باڵاپۆشی کرد تەواو ئەو ئافرەتە ئەهلی بەهەشتە، نەخێر، بەڵام دوو شت هەیە دەبێ بیزانین، یەکەمیان: باڵاپۆشی بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوای پەروەردگار، بریتییە لە جێبەجێکردنی واجبێکی شەرعی وەك نوێژ و ڕۆژو و زەکات و باقی واجبەکانی تر، دووەم: باڵاپۆشی بەشێکە لە پاکی ئافرەت، تەواوکاری پاکی دڵ و دەروونیەتی، واتە: ئەگەر ئافرەتێك ناخی پاك بێت و سفووریش بێت، پاکییەکەی ناتەواویی تێکەوتووە، لەبەر ئەوەی دەبێ پاکی دڵ و دەروون لەڕواڵەتدا ڕەنگ بداتەوە.

باڵاپۆشی بەشێکە لە فەرمانبەریی کردن بۆ خوای پەروەردگار، ئێمە ناڵێین: هەموو ئافرەتێکی باڵاپۆش پاکە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك ناخی پاك بێت دەبێ ئەو پاکییەی خۆی بپارێزێ.

ئافرەت بەهۆی باڵاپۆشییە پاکییەکەی ناخی خۆی دەپارێزێ، چ هۆکارێك هەیە ئافرەت خۆی تووشی بێ فەرمانیی پەروەردگار بکات؟ لەکاتێکدا: حیجاب و باڵاپۆشی فەرمانی خوای گەورەیە، ئێمەی مرۆڤ بە پیاو و ئافرەتەوە دروستکراوی خودای پەروەردگارین، کە

ئێمەی دروست کردووە هەر خۆشی زانا و شارەزایە بە دروستکراوەکانی و دەزانێ چی باشە و چی باش نییە.

بۆچی خوای پەروەردگار ب بالآپۆشی پێویست کردووە؟

بالآپۆشی ناسنامەی ئافرەتی مسولمانە، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پاکی ئافرەتی مسولمان، بالآپۆشی هۆکاری ئارامیی و ئاسودەیی دڵ و دەروونە، بەهۆی بالآپۆشییەوە هەست دەکات پارێزراو و ڕێزلێگیراوە، ژیان هەر بریتیی نییە لە لایەنە ماددی و شەهوانیەکەی، بەڵکو تێرکردنی لایەنی ڕووحی مەبەستی سەرەکییە، ئافرەت بەهۆی بالآپۆشییەوە خەریکی ئاودانی لایەنە ڕووحیەکەی خۆی دەبێ وە بەهۆی بالآپۆشییەوە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر بە جەستەی خۆی، هەروەها کاریگەری دروست دەکات لەسەر باقی هەڵسوکەوتەکانی تر، هەروەها جۆرێك لە هەیبەت و سام دەبەخشێتە ئافرەت، ئافرەت بەهۆی بالآپۆشییەوە ڕێز لە لاشە و ناسکی خۆی دەگرێ، خۆی هەرزان فرۆش ناکات، ناهێڵێ لەلایەن نێچیرانی چاوچنۆك ڕاو بکرێ.

بالآپۆشی کاریگەری لەسەر پەروەردەکردنی منالّ دروست دەکات، کۆرپە یەکەم کەسێك دوای چاو کرانەوەی بیبینێ بریتییە لە دایکی، کەواتە: هەڵس و کەوتەکانی دایکی، بەرگ و پۆشاکی دایکی کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات، بەتایبەتی کچ دایکی بە پێشەنگی خۆی دەزانێ.

بەڕێزان!

شەریعەتی خوای پەروەردگار لەگەڵ عەقڵی تەندروست و ساغ یەك دەگرێتەوە و تێك ناگیرێ، هەموو یاسا و ڕێساکانی خوای پەروەردگار لەو پەڕی دادگەری دایە، پڕیەتی لە کارجوانی و کارزانی، بالآپۆشی لەگەڵ عەقڵی ساغ و فیترەت و خواڕسکی مرۆڤ دێتەوە.

بالآپۆشی ڕێزی خوایە بۆ ئافرەت، بەهۆی بالاپۆشییەوە ئافرەت هەست بە ڕێز و سەنگینی خۆی دەکات، پیاویش بەسروشتی خۆی حەزی لە ئافرەتی پاکە، زۆر جار گەنجێك کە ئافرەتێك دەخوازێ، دەڵێ: ئافرەتێکم خواستووە لەناو پاکەتە، واتە: کەس دەستی بۆ نەبردووە و کەس بەسووکی سەیری نەکردووە، بەهۆی ئەوەی خۆی پاراستووە، سەیر

دەکەین ئەو گەنجە دڵی بەوە خۆش دەبێ کە ئافرەتەکە پاکیزەیە، ئەمەش سروشتی هەموو پیاوێکە.

گومانی پێنجەم: دەگوترێ: ئاینی ئیسلام باڵاپۆشی داهێناوە و لەهیچ ئاینێکی دیکەدا باڵاپۆشی پێویست نەکراوە لەسەر ئافرەتان!

بەڕاستی ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە لە نەزانینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئیسلام ئاینی خوای پەروەردگارە، تەورات و ئینجیلیش کە لەلایەنی خوای پەروەردگارەوە دابەزێنراون لەگەڵ ئیسلام و قورئاندا لەیەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، ئەویش خوای پاك و بێگەردە.

بۆیە لە سەردەمی پێغەمبەرانی خوا ئیبراهیم و موسا و عیسا (سەلامی خوایان لێبێ ) باڵاپۆشی هەبووە و ئافرەتان باڵاپۆشیان کردووە، لە شارستانێتی ڕۆمانیدا یاسایەك هەبوو بەناوی یاسای (ئوریە) ڕێگە بە ئافرەت نەدەدرا بەبێ باڵاپۆشی بێتە دەرەوە!

لەنێو عەرەبەکانی پێش ئیسلام، هەندێ لە تیرە و هۆزە ڕەسەنەکانی نێو عەرەب ڕێگەیان بە سفووری ئافرەت نەدەدا.

ئافرەتانی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیست لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆربەیان باڵاپۆش بوون، ئەگەر باڵاپۆشی تەواویش نەبووبن، جل و بەرگیان پۆشتە و تێر و تەسەل بووە.

ئەبو عوبەید دەڵێ: پێچە لەنێو ئافرەتانی عەرەبدا شتێکی زۆر باو بووە، داب و نەریتێکی زۆر بڵاو بووە لەنێوانیان.

گومانی شەشەم: دەگوترێ باڵاپۆشی عادەتێکە و هیچی تر، نابێ ئافرەت بەو عادەت و نەریتە پابەند بکرێ!!

ئێمەش دەڵێین: ئەمە هەرگیز عادەت نییە بەڵکو شەرعی خوای پەروەردگارە، کۆمەڵێك دەقی زۆر ڕوون و ڕاشکاوی لەسەرە هەم لە قورئان و هەم لە فەرموودە، هەرگیز عادەت و نەریت نییە، ڕاستە کە پێش ئیسلام باڵاپۆشی هەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئیسلام باسی نەکردبێ، پاشان هەر عادەتێك باش بێت ئیسلام پشتگیری دەکات.

ئافرەتی مسـولّمان و بـاوەڕدار وەك شـەرعی خـوا و جێبـەجێکردنی واجبێکـی شـەرعی جێبەجێ دەکەین، بەتاجی سەربەرزی خۆمانی دەزانین.

گومانی حەوتەم: یەکێکی دیکە لە گومانەکان بریتییە لەوەی دەگوترێ: ئافرەتـان بـەهۆی بالآپۆشییەوە لەلایەنی زانستی و ڕۆشنبیری بەپاش دەکەون، ناهێڵێ ئافرەت ووزە و توانای خۆی دەربکا.

بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاستو دروست نییە، ئافرەت بەبالآپۆشیشەوە دەتوانێ پلـە بـەرزەکانی ژیان ببڕێ، دەتوانێ هەر پۆستێکی حکومی وەربگرێ و بالآپۆشیش بێ، چەندەها ئـافرەت بە بالآپۆشییەوە تەنانەت لـە ئـەوڕوپ او ڕۆژئـاواش پۆسـتی زۆر گـەورەیان وەرگرتـووە، سەرۆکایەتی ولآتان دەکەن، بوون بە پەرلەمانتار، بوونەتە بەڕێوەبەر، ...هتـد، بالآپۆشـی هۆکاری پاراستنی ئافرەتە، نەك ڕێگری لێکردنی، ئەزموونیش ئەوەی سەلماندووە.

گومانی هەشتەم: دەڵێن: بالآپۆشی کێشە بۆ ئافرەت دروست دەکات!

ئێمەش دەڵێین بە پێچەوانەوە خۆدەرخستن و ڕازاندنەوە کێشە بۆ ئافرەت دروسـت دەکـات نەك بالآ پۆشی، ئەوەتا لە ولآتێکی وەکو ئەمریکا لەهـەر شـەش دەقیقەیـەدا ئافرەتێـك دەستدرێژی دەکرێتە سەر، لەساڵی: 1978، واتە: لە مـاوەی یـەك سـاڵدا 174,000 ئافرەت دەستدرێژی (إغتصاب) کرا، لەساڵی 1987 ڕێژەکە بەرز بۆوە بووە 221,000 ئافرەت دەستدرێژی کرایە سەر، ئینجا ئەم ڕێژەیە هی ئەو ئافرەتانەیە کە تۆمـار کـراوە، دەبێ چەندی دیکە هەبن تۆمار نەکرابێ؟!

ئەگەر سفوری پێشکەوتن بووایە دەبوو بە پێچەوانەوە حاڵەتی لەم شێوەیە زۆر کەم بووایە، لە ولآتانی ئەوڕوپا کە ئافرەتان بە سفوری دەردەکەون بۆیە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان و بێ ڕێزی پێکردنیان ساڵ بەدوای ساڵ زیاتر دەبێ.

گومانی نۆیەم: دەڵێن: بالآپۆشی نیوەی کۆمەڵگا لەکار دەکەوێنێ و (تعطیل)ی دەکات.

خوای پەروەردگار هەرگیز ڕێگەی کارکردنێکی گونجاو کە لەگەڵ سروشتی ئافرەت بگونجێ ڕێگای لێ نەگرتووە، بەڵام نابێ ئەم کارکردنە لەگەڵ کەسایەتی و لایەنی کۆمەلایەت ی‌و شەرعی ئافرەت نەگونجێ، خوای پەروەردگار نەفەقەی ئافرەتی لەسەر پیاو واجب کـردووە، چ لەماڵی باوکی بێ، چ دوای شوو کردنی بێ، ئەگەر بشیەوێ کـار بکـات ئیسـلام هـیچ ڕێگەی لی نەگرتووە.

گومانی دەیەم: یەکێکی دیکە لە گومانەکان ئەوەیە دەڵێن: ئـافرەت ئەگـەر باڵاپۆشـیش نەبێ زۆر ئاساییە و هیچ سەرنجی پیاو ڕاناکێشێ.
بەڵام ئێمە دەڵێین: بە پێچەوانەوە ئێمە ڕاپرسیمان کـردووە وەك لـە ڕابـردوو باسمـان کـرد زۆربەی هەرە زۆری پیاوان دەڵێن: ئەگەر ئافرەتێك باڵاپۆش بێ ئێمە هـەر شـەرم دەکـەین سەیری بکەین، یان قسەی لەگەڵ بکەین، جا چ جای ئەوەی ئەزیەت بدرێ؟! بـە ئـەزموون دەرکەوتووە ئەو ئافرەتانەی سفورن زۆر زیاتر پلاریان لێ دەدرێ، ئەزیەت دەدرێن، ناویـان بەخراپ دەهێنرێ، باسی کەموکوڕی و ناتەواوییەکانیان دەکرێ، وەك باسمان کرد یەکێ لە فەلسەف ەو حیکمەتەکانی باڵاپۆشی ئەوەبوو ئافرەت ئەزیەت نەخوا، سروشتی پیـاو بـەم شێوەیەیە ئەگەر دیندار نەبێ، شەهوەت و ئارەزووی بۆ ئافرەتی سـفوور دەجـوڵێ بـەهۆی ئەوەی ئافرەتەکە لەش و لاری خۆی دەرخستووە، من بۆخۆم بەئەزمون ئەمەم بەچاوی خۆم بینیوە، زگم بەو جۆرە ئافرەتە سووتاوە، زۆربەی پیاوان دەڵـێن: نیـەتی ئـافرەت بـە خـۆ دەرخستن ئەوەیە پیاو سەیریان بکەن، هەرچەندە بەشێکی زۆر لـە ئافرەتـان زۆر بـە ڕاز و نیازێکی پاك و دڵ سافی ئەم کارە دەکەن و هیچ مەبەستێکی خراپیان نیە، بـەڵام سـفوری خوێندنەوەی خراپی لەلایەن پیاوانەوە بۆ دەکرێ.

گومانی یازدە: دەڵێن: ئافرەت بەهۆی باڵاپۆشییەوە ستەمی لێ کراوە، ئـەی بۆچـی پیـاو باڵاپۆش نەبێ؟!
دەڵێین: بەر لە هەر شتێك باڵاپۆشی شتێك نییـە لەلایـەن کۆمەڵگـە، یـان پیـاو، بەسـەر ئافرەتەوە سەپێنرابێ، بە پێچەوانەوە خوای پەروەردگار لەبەر ئەو حیکمەتانەی لەسـەرەوە

باسمان کرد واجبی کردووه، وه خوای پەروەردگار خۆداپۆشینی بۆ پیاوانیش داناوه و نابێ لاشەی خۆی بەشێوەیەکی ناشایستە دەربخا، لەناوکی تاوەکو ئەژنۆی داپۆشراو بێ، خوای پەروەردگار کاتێ کە دروستکراوانی خۆی دروست کردووه، هەر خۆیشی مافی خۆیەتی یاسا و ڕێسا بۆ بەندەکانی دابنێ، مسوڵمانیش واتە: تەسلیم بوون بەو پەڕی متمانەوە بەو یاسا و ڕێسایانە، مسوڵمان دڵنیایە لەوەی خوای پەروەردگار هەر شتێکی لەسەر پێویست کردبێ، یان هەر شتێکی لێ قەدەغە کردبێ ئەوا سوود و قازانجی دونیاو دوا ڕۆژی ئەوی تێدایە، ئەوە ئێمەین پێویستمان بەخوای پەروەردگار هەیە، خوای پەروەردگار هیچ پێویستیەکی بە باڵاپۆشی ئافرەت نییە، خوای پەروەردگار بێنیازە لە بەندەکانی.